**یوسف محمد صادق**

**سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بـڕیـار**

**ژمارە ( 6 )ی ساڵی 2014**

**پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (3)ی ماددەی (56) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو و ، بڕگەی (12) دوازدەمی ماددەی (10) دەیەمی یاسای یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ، پەرلەمانی کوردستان لە دانشتنی ئاسایی ژمارە (5) ی رۆژی 2014/5/20 ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:**

**یەکەم : ناونانی رێزدار ( نێچرڤان ادریس مصطفی بارزانی ) وەك پاڵێوراو بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق .**

**دووەم : ناونانی رێزدار (قوباد جەلال تاڵەبانی ) وەك پاڵێوراو بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق .**

**سێیەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی2014/5/20 دەخرێتە بەرکار و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بلاْودەکرێتەوە .**

**یوسف محمد صادق**
**سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە:** 1

**ڕێکەوتی فەرمان :** 2014/5/15

**فەرمان**

**پشت بە بڕیاری ژمارە (4) ی دەرچووی ڕۆژی 2014/5/7 ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق و حوکمی بڕگە (3) لە ماددەی (39)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمان ، ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوە هاتووە ئەم ئەرك و فەرمانانە دەگرنە ئەستۆ کە بەرامبەر هەریەکەیان دیارکراوە:**

1- **لیژنەی کاروباری یاسایی :**

| | |
|---|---|
| **1- ڤالا فرید ابراهیم** | **سەرۆکی لیژنە** |
| **2- بەهار محمود فتاح** | **جێگری سەرۆك** |
| **3- گۆران ئازاد محمد** | **بڕیاردەر** |
| **4- ابوبکر عمر عبدالله** | **ئەندام** |
| **5- انور قادر مصطفی** | **ئەندام** |